كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 1:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئۆکتوبەری /2007/سوید

**مردن بۆئەوچاوچنۆكانەی لە پێناوی گیرفان پڕكردندا، ... نەجمەدین شێخ بزێنی**

خزمەت بەدارای و هونەری بێگانە ئەکەن !!!.

ماوەی چەندرۆژێکە لەسەر هەندێ لەماڵپەڕە کوردیە بەڕێزەکاندا، چاومان ئەکەوێت بەڕاگەیاندنێکی



کۆمەڵەی (لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب) دا، کەگوزارش لە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیاندا ئەکات. پێشەکی من، دەست خۆشکەری لەدەستەی پێک هێنەری کۆمەڵەکە ئەکەم، وەهیوای سەرکەوتنیان بۆ ئەخوازم، هەرچەندە کەتێبینیم هەیە لەسەر هەندێ خاڵی سەرەتایی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنەکانیان، کەگوزارش لەپەیڕەوو پرۆگرام ئەکات، بەڵام بونیان بەوهەستە پیرۆزانەوە، بەپێویستێکی، پێویستی ئەزانم بۆئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆ، لەبەرانبەر هەڵویستی دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان. هەربۆیێ بەپێویستم زانی بەپیری ئەوبانگەوازەیانەوەبچم، کەبانگەشەیئەوەئەکات کۆمپانیاهونەریەکان دوربکەونەوە، لەڕێکخستنی کۆنسێرت بۆگۆرانی بێژانی بێگانە!

بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، کەحکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاوەدێری هیچ دام ودەزگایێک ناکەن، لەچۆنیەتی هەڵسوکەوتیان، لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا، لەسەرحیسابی بەرژەوەندی گەلونیشتماندا! بەڕاستی تێبینیەکانی غاندی و ناپلیۆن، زۆرلەجێگای خۆیەتی کەوتویانە، بەرهەمی شۆڕشگێڕان، ترسنۆکو بێ بارەکان (انتیهازی) ئەیخۆن!!زۆرجێگای داخە، کەماوەیێکە کەسانێک، کورد وتەنی ناویان لەکولەکەی تەڕیشدانەبووە، لەکاتی ڕوودانیناخۆشی و نەهامەتیەکانی بەسەرکوردستاندائەهات، ئێستاکە سەرمایەداروخاوەنکومپانیای بەناوبانگی کوردستانن!!کەئاشکراشە بەشێکیان سەرچۆپی کێشی ڕژێمە بۆگەنەکەی بەعسی فاشیستی بون، بەڵام بەهەرحاڵ، ئێمە یەکڕێزیو یەک هەڵوێستی گەلەکەمان لەهەمو شتێ لەلاگرینگترە، نامانەوێت ئەولاپەڕانە هەڵبدرێتەوە، بەڵام ئەبێت ئەو کەسایەتیانە خۆیانزیاتربیرلەوەبکەنەوە، ئەگەرلەڕابوردودا، نەیانتوانیوە خزمەتێک بەگەلو نیشتمانەکەیان بکەن، بائەمڕۆ شان بەشانی دڵسۆزانی تر بێنە پێشەوەو چاو لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان نەبڕن، کەزیان بەکۆمەڵگا ئەگەیێنێ! بۆنمونە، کەیرەوایە، لەکاتێکدا کە بەهەزاران کرێکاری بەئەمەکو دڵسۆزو نیشتمان پەروەرمان هەیە لەتاو برسیەتی و بێکاری، ڕێگای هات ونەهاتی هەندەران ئەگرنە بەرو، وولات بەجێ ئەهێلن. کەچی کۆمپانیای کرێکارهاوردە پەیتا پەیتا کرێکاری بێگانە ڕاکێشن بۆپڕکردنەوەی بۆشایەکانی کرێکاری، دوریشنیە شانازی پێوە بکەن لای بەرپرسەکان کەخزمەتێکی پیرۆزی وولات ئەکەن!! بەڵام ئەبو بەرپرسەکان لەجیاتی سوپاس نامە بڕیاری قەدەغەکردنی ئەوکارەیان بدایە، کە لە لایێک دژ بەدەستی کرێکاری کوردەو خزمەت کردنە بەکرێکاری بێگانە، لەلایێکی تریشەوە، بە فیرۆدانی دارایی وولاتەو خزمەت کردنە بەتاکی خاوەن کۆمپانیاو، سەرمایەدارەکان!! چونکە لەکاتێکدا کرێکارێکی بێگانە، کەبەسەدو پەنجادۆلار مانگانە کارئەکات، بۆ ئەو لەبەرانبەر وولاتەکەی خۆیدا، زۆر زۆرە ئەگەر سەد دۆلاریش بنێرێتەوە! بەڵام کرێکارێکی کورد کە کرێ خانووەکەی نەک سێسەد دۆلار، بگرە دوسەد دۆلاریش بێت، چۆن ئەتوانێت، نەک بەسەدوپەنجا،

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەدوسەد دۆلاریش ئیش بکات؟!! کەوابو سود بۆکێ مایەوە، تەنها بۆ خاوەن کاروکۆمپانیای کرێکارهاوردە مایەوە! ئیترتاکەی بەرپرسانی خاوەن بڕیار ئاوڕێک لەوکارە نادەنەوەو قەدەغەی ناکەن؟ هەتاکو کەمێ دەستی کرێکاری کوردی ببوژێتەوەو، خیزانەکانیان لەدڵەڕاوکێی هەندەران ڕزگاریان ببێت، ودارایی وولاتیش نەچێتەدەرەوەو، بەفیڕۆ نەچێت!! خاوەندکارو کۆمپانیاکانیش، لەجیاتی ئەوەی بە ماوەی دوساڵ ببن بەملیاردێر، بابەچوارساڵ ببن بە ملیاردێر، وابزانن دوساڵی پێشمەرگە بونە!! دیارە ئەمەش داواکارییێکی تری کۆمەڵەی ناوبراوبوو. کەهەڵویستو بۆچونێکی دڵسۆزانەیەو من لەووتارێکی تریشدا پێش ئێستا ئاماژەم پێکردووە.

خاڵێکی تری کە (کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب) ی بەڕێز زۆر بە ڕاشکاوانە ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ بەرەنگاربونەوەی، هەڵویستی کۆمپانیا هونەریەکانە، دیارە ماوەیێک بەرلەئێستا ووتارێکم بەڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (تۆبڵێی ئەوەی بەعس نەیتوانی بەئەنجامی بگەیێنێت. کۆمپانیای کرێکارهاوردەو، فیدرالیەتبەجێی نەگەیێنن؟) دیارە مەبەستی من لەو ووتارەدا، چۆنیەتی بەعەرەبکردنی کوردستانە! ئیتر من نازانم دڵسۆزانی کورد، بەعەرەبکردن (تعریب) چۆن چۆنی لێک ئەدەنەوە؟! وابزانم، بەشێکی زۆری تەنها بەهێنانی ڕەگەزی عەرەبوجێنشین کردنیانی دائەنێ! بەڵام ئەبێت هەمو بەڕێزێکی کورد ئاگاداری ئەوەهەبێت، کەبەعەرەب کردن (تعریب) شێوازی زۆر لەوەمەترسیدار تری هەیە. یەک لەوانە تیرۆر کردنی کۆلتورە!! بەهەمو شێوازێکیەوە! جائەگەر بەکارهێنانی ئەوشێوازانە، لەڕێگای نەزانینەوەبێت، وەیان زانین، هەروەکو یەک وایەو بەتاوان ئەژمێردرێ لەروی نەتەوایەتیەوە، تەنها کاتێک نەبێ، کەنەزان ئاگادار کرایەوە وازی لێبێنێ و دورکەوێتەوە لەو هەڵوێستە، ئەگینا هەرئەبێت بەخیانەتکارو تاوانبار لەقەڵەم بدرێن!! ماوەی یەک دوساڵێک لەمەوبەر لەلایەنڕێکخراوە سیاسیە بەناوئیسلامیەکانەوە، عابای عەرەبی خەلیجیان گەیاندە کوردستان، لەژێر پەردەی بەناو پۆشاکی ئیسلامیەوە، لەزۆر ناوچەی کوردستاندا بە تایبەت سنوری پارێزگای دهۆک، بەڵاو بووەوە!! بەڵام ئەگەر بێتو بەراوردی بکەین لەگەڵ پۆشاکی کولتوری ئاسایی کوردەواریدا، کامیان بەحیشمەت و ڕێکو پێکترن، بێگومان پۆشاکە کوردیەکە، جگە لەوەش کەدێتە ماڵەوەش پێویست بەلەخۆکردنەوە ناکات. هەربۆ نمونە سەیری پۆشاکی ڕەسەنی ئافرەتانی برایەزیدیەکانمان بکەن، خۆ جگێ لەخوار پۆشاکی خانمە موسڵمانەکانی ئێستای تالیبان و ئەلقاعیدەوەیە! لەدەمو چاویان زیاتر بەدەرەوە هەیە؟! لەکاتێکدا کەموسڵمانیش نین، بڵێن لەسەر فەرمایشتی ڕێکخراوە ئیسلامی و مەلاکانمانە!! ئەی ئیتر بۆ بانگەشە بۆ عابای عەرەبی ئەکەن بەناوی خەلیجیەوە؟!! دەربارەی کۆمپانیا هونەریەکان، بێگومان خاوەنەکانیان زۆر لەووڵاتانی بێگانەو، بەتایبەت عەرەبی گەڕاون، ڕۆژێک لەڕۆژان دیتیان، وەیان بیستیان، لە ترومبێلێکی تاکسیدا، گوێیان لەگۆرانێکی کوردی بو بێت؟! وەیان بەهەمان شێوە، کۆمپانیایێک داواتی هونەر مەندێکی گۆرانی بێژی کوردی کردبێت کۆنسێرتی بۆ بگێرێت؟!! ئەوەتورک هیچ قەیناکات، چونکە ئەو بڕوای بەبۆنیشی نیە، بەڵام بەناو براعەرەبەکانمان، کەخاوەن بیستودو دەوڵەتن، تەنانەت لەئێراقی وەحدەو حوریەی پێشوو، ئێراقی فیدرالی ئێستاشدا، باس لەهونەرمەندێکی گۆرانی بێژیکوردکراوە، کەکۆنسێرتی بۆ بگێرن، لەگەڵ ئەوەشداله زۆربەی شارەکاندا بەهەزاران کوردی لێ نیشتە جێیە؟!! ئیتر ئەبێت چی هۆکارێک هەبێت، کە کۆمپانیا کوردیەکانی هەولێرو، سلێمانی و دهۆکی دەلال، بەوگەرموگوڕیەوە پێشوازی لە هونەر مەندانی بێگانە بکەن، هونەری کوردی ئەوەندە لاوازو، بێ تام و ساردوسوڕە، هەتاکو هانا بۆ هونەر مەندانی بێگانەبەرین، کەتیرۆری دارای و کولتوریمان پیکەوە بکەن!! لەبیرمە لە حەفتاکاندا، لەسەردەمی گەرمی وتوویژی ڕێککەوتن نامەی ئازاردابوین، بە بۆنەی ئاهەنگ گێرانی سەری ساڵەوە،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 1:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەگەڵ سێ برادەمدا چوین بۆ بەغدا، شەو لەگازینۆکەی ئوتێل فەلەستین موریدیان کە ئاهەنگ دەستی پێکرد، بینیمان یەکێ لە گۆرانی بێژەکان، سەلاح عەبدولغەفورە، کەبەڕەگەز کوردە، ئێمەش ئەمانزانی کەگۆرانێکی نێمچە کوردی هەیە، کە (ئەرێ بەبانانەوەیە) کاتێک نۆرەی هات داوامان کرد ئەوگۆرانیە بڵێت، دیارە کوردیّ زۆری لێبو، بۆیێ بەناچاری وتی، بەڵام کەدیمان لەکوردەکان زیاتر، کەسێکی تر چەپلەێیکی لێ نەدا!! ئیترنازانین بۆئەبێت ملەتی کورد ئەوەندە بەپەرۆشی کولتوری بێگانەوەبێت، لەنەزانین و دڵپاکیەوەیە، وەیان خەڵەتاندنەو، دەستێکی بێگانەی لەپشتەوە هەیە!! جا ئیتر هیواداریین لەبۆچونی یەکەمدا بێت و لەهەستی دوهەمەوە بەدور بیت، لەکۆتاییشدا، دوبارە هیوا خوازی سەرکەوتنین، بۆ (کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕقیب) لەکارەکانیاندا، بەمەرجێک بە پێچەوانەی هەڵویستی سەرکردایەتی سیاسی کوردو، دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت. هەروەها هیواداریین، کە بەڕێوەبەرانی ئە و کۆمپانیانەش، هەست بەبەرپرسیاریەتی نەتەوایەتی خۆیان بکەن و، بەرژەوەندی گشتی گەلو نیشتمان لەبەر چاو بگرن و، سەرچاوەی دەست کەوتەکانیان، بەشێوازێکی تری جوان و پیرۆز بەدەست بهێنن، بائەوانیش لەگەڵ ئێمەدا بڵێن، مردن بۆئەوانەی لەپێناوی گیرفان پڕکردندا، خزمەت بەدارای و هونەری بێگانەئەکەن!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.